کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-5-2007 23:11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەمڕۆ لەدادگای دینهاخ سزای تاوانبار فرانس ڤان ئانرات لە 15 ساڵەوە بوو بە 17 ساڵ ... ئەمیر قادر

hangau@gmail. com




ئەمڕۆ داگای شاری دینهاخ لە هۆڵەندا لەکاتژمێر 13:30 دەستی بە بڕیاردان لەسەر دۆزی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات کرد، ژمارەیەکی باش لە خەڵکی کوردو دۆستەکانمان لەوێ ئامادەبوون، و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هۆڵەندی و دەرەوەش ئامادەبوون، بڕیاری دادگابە بێ ئامادەیی تاوانبار لە هۆڵی داگا بەڕیوەچوو وە هەموو بڕیارەکە لە لایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە تۆمارکرا، بڕیارەکەی دادگا زۆر فراوانبوو، بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو بڕیارەو ڕاستیەکانی بە گرنگم زانی کەدەقەکەی بکەم بەکوردی، هیوادارم بەوە توانیبێتم کە ڕاستیەکانی ئەو بڕیارە بپارێزم.

دەقی بڕیارەکەی دادگای دینهاخ

سزای 17 ساڵ زیندانی لەپای تاوانی دانی ماددە کیمیاکان بە عێراق.

دادگای شاری دینهاخ ئەمڕۆ فرانس ڤانئانراتی تەمەن 65 ساڵی بە 17 ساڵ زیندانی سزادا، بەتاوانی هاوکاری لەکاتی ئەنجامدانی تاوانی جەنگدا کە لەلایەن سەدامەوە ئەنجام دراوە لەساڵانی 1987 و 1988 دا، کەتیایدا ڕژێمی عێراق لەکاتی شەڕی لەگەڵ ئێراندا چەند شوێنێکی لەباکوری عێراق و ئێران بە ڕێگای پەلاماردانی هەوایی پەلاماریداو و تیایدا بەشێوەیەکی فراوان چەکەکیماویە لەناوبەرەکان بەکارهاتوون لە چەشنی گازی مۆستەرد کەتیادا چەندین هەزار کوردو ئێرانی کوژراون و برینداربوون وتائێستاش بەدەست برینەکانیانەوە دەناڵێنن.

دادگا ئەوەی بۆ ساغبۆوە کە ڤان ئانرات پێش ئەم پەلامارانەبەدرێژایی چەند ساڵێک بەبڕێکی زۆر (سەرجەم بڕی 1100 تەن) گازی تیۆدیۆگلیکۆڵی داوە و بەوەش بارودۆخ وهۆکاری داوەتە دەستی ڕژێمی عێراق. فرانس زانیویەتی کە ئەم ماددەیە دەکرێ و دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ بەرهەم هێنانی گازی مۆستەرد، ئەوەشی زانیوە بەشێوەیەکی ئاسایی (لەچوارچێوەی جەنگی ئێران و لەجەنگ لەگەڵ کوردەکاندا) بەشێوەیەکی فیعلی لەلایەن عێراقەوە بەکاردێت، بەمەش دادگا لای وایە کە ئەو بەهوشیاری ئەمەی کردووەو بەمەش تاوانی جەنگی ئەنجام داوە.

بەشداری نەبوونی بەشێوەیەکی فیعلی لەتاوانی هاوتاوانی جینۆسایددا:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دادگا لای وایە کە ڤان ئانرات بەفیعلی هاوتاوانی جینۆساید نیە، کەلە بڕیاری پێشتریشد بڕیاری لەسەر نەدرابوو. دادگا لای وایە و بەپێی ڕاپۆرتەکانی (نەتەوە یەکگرتووەکان) کە (ئامازەی زۆربەهێز) هەن کە سەرکردە عێراقیەکان لەکاتی پەلامارەکانیان بۆ ناوچە کوردیەکان ئامانجیان جینۆساید بووە، بەڵام دادگا ئەوەی بۆ نەسەلما کە ڤان ئانرات لەم بارەیەوە ئاگاداربێت، کەئەمەش پێویستە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە بتوانرێت بڕیار لەسەر تاوانی بە ئاگاهانەو ئەنجام دانی تاوانەکەبدرێت.

سزایەکی گرانتر:

دادگا لە ڕۆژی 25-12-2005 دا لەسەر هەمان ڕاستی و بەڵگەکان سزای 15 ساڵی زیندانیکردنی بڕیاردا، دادگا پێی وایە کە تاوانێکی گرانتر شایانی ئەمەیە، لەبەر ئەوەی کە چەندین جار (بەشێوەیەکی ناقۆڵاو بەدوای هەڵپەی قازانجدا) سەهمێکی گرنگی بووە لە ژێرپێ نانی یاسای ناونەتەوەیی مافی مرۆڤ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە "ئەمە لەکاتێکدابووە کە دانی ئەم ماددانە لەلایەن سەرچاوەکانی ترەوە (بازرگانەکانی ترەوە) لەژێر فشاری ناونەتەوەییدا وەستێنرابوو.

قوربانیەکان لە داگای سزادا زیانەکانیان قەرەبوو ناکرێنەوە:

دادگا لای وایە کە ئەو 15 قوربانیانەی کەلەم هێرشە هەواییانەی عێراقدا بەرکەوتوون لەم دادگایەدا (دادگای سزا) کراوە نیە بۆ قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانیان، بەو هۆیەی کە ئەمە زۆر ئاسان نیە کە بتوانرێت لە چوارچێوەی دادگای سزادابڕیاری لەسەربدرێت. بەتایبەتیش کە سەیری قانونی عێراق و ئێران بکرێت لەم پەیوەندەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.